# تـــه يـــسير عـــهلـــونی بۆ زيندان



## فـــەهـــد گـــردەوانـــی

ئەمن دژی لەسێدارەدانی ووشەم...دژی ئەوەم پەیڤ زیندانی بکرێ...هەموو ووشەیەک دەبێ ئازادانە لە گەروو بێتە دەرێ...نابێ رستەیەکی مرۆڤ قووت بکرێ...نابێ دەمی مرۆڤ بگیرێ...خۆ ئەگەر نووسەر و رۆژنامەنووس بێت ئەوا هەر حەرامە یەک ووشەش سەنسوور بکرێت ...نابی بەهیچ جۆر کتاب و گووتار رەقابەی بخرێتە سەر و مەقەس قووتی بکات...ئەوا بە گشتی بیروراى من بووە و هەر لەسەر ئەو بیرورایەشم...تەیسیر عەلونی حەوت ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە، هاوار هاواریەتی گوایە بێگوناحە و هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە،تەنها لەبەر ئەوەی باوکی دحداح/عمادالدین برکات جرکس خەڵکی سوریایە ئەو لەبەر غوربەتی ژیان لە ئیسپانیا پەیوەندی برادەرایەتی و هاو وڵاتی لەگەڵ هەیە، هەر نەشیزانیووە باوکی دحداح ئیرهابیشە یا سەر بە قاعدەیە...درۆزن رووی رەش نابێ ئەگەر نا دەبوایە هەر سەعاتی رووی خوی و کەنالی جەزیرەی بە دەستەسرەکی پاک خاوین بکردبایەوە...لە ئەفگانستان گوێی پڕ کردبووین بە هەواڵ و راپۆڕتی درۆ...جەزیرەی کردبووە بلینگۆی ئوسامەی کوڕی لادن وقاعدە و مەلا عومەر و ئیماراتی تالیبان...لەبەر راپۆرتەکانی پروپاگەندەیی و نادروستی... لەبەر ئەوەی جێگای باوەری خویان بوو، ئوسامە بانگی لای خوی کرد و چاوپێکەوتنی لەگەر ئەنجام دا و ناوبانگی پەیدا کرد، ئەگەر نا کێ تەیسیری دەناسی...هەر کە چووە عێراقیش هاوار هاواری بوو کە جەماعەتی موجاهیدین و صدام چۆن چۆنی دەبابەی ئەمریکی بەساغ وسەلیمی قووت دەدەن،هەتا صدامیش گیرا هەر خەریکی درۆکردن و پروپاگەندەیی بوو، ئەمریکا دەیزانی بەینی لەگەر باوکی دحداح هەیە لە هەردوو شوێن لە ئەفگانستان و عێراق لە مەکتەبەکەی جەزیرەیان دا کە تەیسیری تێدابوو،نامەیەکی توندوتیژ بوو بۆ تەیسیر،خەریک بوو لەناوی ببەن بەڵام لە هەردووکیان رزگاری بوو،ئەوەتا کە ئەو لە کابول وبەغدا نەما مەکتەبیش ئیسراحەتی کردوو کەناڵی جەزیرە لێی نەدرا و نادرێ..تەیسیر یاغنیش بوو ئەگەرنا دەبوایە لەو دوو نامەیە تێبەگەیشتبایە کە پەیوەندی بە ئەبودحداح گران کەوتووە لەسەری...پارەی نەقڵ کردووە بۆیان گوایە هاوولاتین و کەسی تر نیە ئەو کارەبکات دەبێ رۆژنامەنووسێکی ئاوا بەناوبانگ بەوکارە هەستی ئەویش تەیسیرە...جەزیرە لێی ناپرسی کاکە تۆ موراسیلی ئێمەی یان قاعدە،بەڵام هاواری دەچیتە ئاشکی فەلەک و دەڵێ دادگای ئیسپانی ناعادیلە و تەیسیر هیچی نەکردووە، لێپرسراوی کەناڵی جەزیرە دەیگووت ئەو دادگایە دژی ووشەی صادقە،گوایە ئەوان صادقن...هەر لەسەر لاپەڕەی جەزیرە خۆیان دەقی دادگایەکەی تەیسیریان کردووە بە عارەبی و لەوێ دیارە کە پەیوەندی بە کێ و کێ کردووە،بەڵام کوا کێ دەخوێنیتەوە...تەیسیر عەلونی بیست ساڵ زیاترە لە خۆشی وبەرەکەتی ئیسپانیا دەخوا و منداڵەکانی لەوێ دەخوێنن و دەبنە خاوەن شەهادە ،کەچی زگی بەو وڵاتە نەسووتا لە رۆژی کارەساتەکەی مەدرید دژی کارە تێرۆر نامرۆڤایەتیکە دەنگ بەرزکاتەوە،منداڵی هەیە کەچی زگی بەومنداڵانە نەسووتا کە دەچوونە مەکتەب و بوونە قوربانی ئیرهاب...وەکو رۆژنامەنووسێک ریزی کارەکەی

خۆی نەگرت هەتا خەڵک باوەڕی پێبکەن دەنگی مرۆڤ دۆستانەی بۆ ریسواکردنی ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی لەناو بردنی مرۆڤی سیڤیل بەرزنەکردەوە...دەیزانی ئەیمەن زەواهیری بەشانازیەوە بەسەروگێلاکی ئەو کارە نامرۆڤە داهەڵدەدا بۆیە تەیسیریش هیچی نەگووت...ئەوا ئەگەر لە سوریای وڵاتی دایکی بوایە دەبوایە هەر مافی ئەوەی هەبێ لە شارەکەی خۆی هەتا دیمەشق بچێ ئەویش بە مۆڵەت و لەژێر چاودێری ئەمن و پۆلیس ،کەچی بە پاسەپۆرتی ئیسپانی توانی هەموو جیهان بگەڕێ و بسوڕێتەوە ئینجا دڵسۆزی بۆ ئەو پاسەپۆرتە نیشان نەدا و دژی تیرۆر نەوەستا کاتێ مەدرید دووچاری خوێن کرا...هەتا ئەوڕۆ کەناڵی ئاسمانی جەزیرە هەر باس لەوە دەکات گوایە تەیسیر لەبەر ئەوە گیراوە گوایە ئەمریکا داوای لێکردووە جێگا و شوێنی ئوسامەی کوڕی لادن ئاشکرا بکات وپێیان بڵێت لەکوێیە،هەر بڵێی ئەمریکا هێندە کاڵفامە کە لەوباوەڕەیە تەیسیر دەزانی ئوسامە لەکەێیە و ئوسامەش لەشوێنی خوی چاوەڕێ دەکات هەتا تەیسر بچیت خەبەری لێبدات...دەک ماڵت بشێوێ کەناڵی جەزیرە کە بیروهۆشی شەقامی عارەبی بەو جۆرە گێلوکاڵفام دەکەیت...بەڵام کوا نەک هەر خەڵکی سادە وخاکی بەڵکو هەندەک لە زورناژەنگەکانی بەناوی رۆژنامەنووس نەبوونی دیموکراسی لە ئیسپانیا و ئەمریکا ئەو قەوانە دەجونەوە و هەمان قسەی جەزیرە دەبارە دەکەنەوە...ئەو رۆژنامانووسە عارەبانە بۆ صدام حوسێنیش هاواریان بوو...هەر بڵێی لە وڵاتانی عارەبی بواری ئازادی رۆژنامەگەری لە ئیسپانیاوئەمریکا زۆر زیاترە...هەی قورمساغینە زیندانەکانی وڵاتەکانتان پڕە لە دەنگی ئازاد و خاوەن بیر و باوەڕ ...ئەمریکا دەیزانی تەیسر پەیوەند دارە بە گرووپەکانی تیرۆرستی بۆیە داوای کرد ئیسپانیا بیگری ،بۆ ئەوە نەیگرت تاوەکو شوێنی ئوسامە ئاشکرا بکات.ئەوان دەزانن لە رێگای رۆژنامەنووسان ناگەنە تاوانباران...تاوانباران رێگا بە رۆژنامەنووس نادات بڕوات هەتا خۆی لەبەر چاوان وون نەکات...تەیسیر ئەو کارە پیرۆزەی خۆی کە ناوی رۆژنامەگەرییە گڵاوکرد و ریزی نەگرت...ئەو دەنگە راستەقینەی مرۆڤایەتی کە رۆژنامەگەریە و مرۆڤ گیانی خوی پێشکەش دەکات هەتا هەواڵی جیهان بگەینی بە خەڵک و هەموو جیهان دەکاتە گوندەکی بچوک و راستیەکان نیشانی مرۆڤ دەدا،ئەوجا تەیسیر ئەو کارەی بۆ بەرژەوەندی خوی و پروپاگەندەی القاعدە و اسامە بن لادن بەکار هینا،هێشتا کەس باسی شێخ بوونی ئوسامەی نەدەکرد ،تەیسیر و عەبدولباری عەتوانی سەرنووسەری ئەلقودس کە ناوی ئوسامەیان دەبرد شێخەکیان دەخستە پێشی ، ئەو کارە پیرۆزەی کەناوی رۆژنامەنووسیە خستە ژێر قاچی ابودحداح و پارەی بو نەقڵ دەکرد...ئەو حەوت ساڵە لە زیندانی ئیسپانیا وەکو 70 ساڵی زیندانی سوریایە...رەنگە 7 رۆژ بۆی نەکرابایە لە زیندانی سوریا ژیان بەری بکات و دڵی بوەستی ئەوەندەیان دارکاری دەکرد، کەچی لە زیندانی ئیسپانیا هەقی هەیە ماڵومنداڵیشی ببینی ،لە سوریای وڵاتی خوی رەنگە 7 مانگان نەیانزانیبایە لەکام زیندان یالیلی بانگ دەکات...ئیسپانیا مافی پارێزەری بۆ دابین کرد و لێگەرا بە ئازادی خۆی دەنگ هەڵببڕێ و پارێزەری بەهەموو هێزیەوە پارێزگاری لێکرد جا نەیتوانی تاوانەکەی لەسەر لابا،کەچی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی عارەبی و نەقابەی رۆژنامەنووسانی عارەبی و نەقابەی مامۆستایانی عارەبی و نەقابەی پارێزەرانی عارەبی و...هتد هەموو پشتگیری تەیسیر دەکەن و دژی بریاری دادگای ئیسپانین گوایە ئەمە کارێکی سیاسیە و تەیسیر بووە بە خۆراکی...کارێکی نامرۆڤانەیە...کەچی کاتی 5000مرۆڤ لە هەڵەبجە بووە قوربانی گازی ژەهراوی رژیمی صدام...180000هەزار مرۆڤ بە ناوی بەدناوی الانفال بە زیندووی زیندەبەچاڵ کرا...ئەمانە کاری مرۆڤانە نەبوون هەتا ئەو نەقابە و رێکخراوانە دەنگیان بێتە دەر و پشتگیری ئەو زارۆک و دایک و پیرانە بکەن کە بوونە خۆراکی رژێمی شوڤینی صدام حوسین...دەڵێم ئەی رێکخراوەکان دەنگ هەڵبڕن بۆپشتگیری کردن لەو کەسانەی وا لە زیندانەکانی رژێمەکانتان دەناڵێنن ...پەلە مەکەن ئەو رۆژە بەدیار دەکەوێ تەیسیر تاوانبارە یان لەخۆڕا لەناو ئەو چەند میلیون موسڵمانە دەدرێتە دادگا ....